گۆڤارا ئەكادیمی یا زانكویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣، ژ. ٢، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0. ،e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n2a1474

# دەقئاوێزانی ئاینی لە شیعرە كوردییەكانی كاكە ئەحمەدی موفتی زادە

پەخشان خورشید ئیبراهیم، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، كوردستان، عێراق
پ. د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، كوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، كە لە ژێر ناونیشانی، (دەقئاوێزانی ئاینییە بە نموونەی شیعرە كوردییەكانی كاكە ئەحمەدی موفتی زادە)، هەوڵێكە بۆ تیشك خستنەسەر و شیكردنەوەی زیاتری دەقە شیعرییەكانی كاكە ئەحمەدی موفتی زادە، لە روانگەی دەقئاوێزانەوە، ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێ كە بابەت و رەهەندە ئاینییەكان ئامادەیەكی زۆری لەنێو دیوانەكەیدا هەیە، ویستوویەتی بە شێوازێكی هاوسەنگ و گشتگیر، ناوەڕۆك و كرۆكی ئاینیان بۆ شیبكاتەوە.

دەقئاوێزان بابەت و چەمكێكی گرنگ و فراوانی رەخنەی هاوچەرخە، بە دوای ئەو رایەڵانەدا وێڵە كە دەقی ئەدەبییان لەسەر بنیاتدەنرێت، واتە چۆن دەقی نائامادە و سێبەری دەقەكان دەدۆزرێتەوە؟ ئایا پێكهاتەی دەقەكە لە چی سەرچاوە دەرگرێ؟ ئایا دەقەكە داهێنانی تیا كراوە ، یاخود تەنیا دووبارە و پاشكۆی دەقەكانی ترە؟ لە رەخنەی كۆندا لە چوارچێوەی ئەدەبی بەراورد و هونەرەكانی رەوانبێژی وەكو دیاریدەیەك كۆكرابوونەتەوە.

دەقئاوێزانی ئاینی واتە كۆكردنەوەی ئاین و ئەدەب لە دەقێكدا، شاعیر ئایەتێك یان فەرموودەیەك یان بابەت و رووداوەكانی نێو قورئانی پیرۆز ئاوێزانی دەقەكەی دەكات، مەرجیش نیە تەنیا سود لە قورئان و فەرمووده وەربگرێت، بەڵكو دەتوانێ سود لە هەموو ئەو بابەت و كەسایەتیانەش وەربگرێ، كە خاوەنی رەهەندێكی ئاینینە، مەرجیش نیە دەقنووس تەنیا دەقئاوێزان لەگەڵ قورئانی پیرۆز بكات، بەڵكو دەتوانێ سود لە كتێبە ئاسمانییەكانی تریش وەربگرێت.

پێكهاتەی توێژینەوەكە جگە لە پوختە و پێشەكی، توێژینەوەكە دابەشی سەر دوو بەشی سەرەكی كراوە، ئینجا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان خراونەتەروو.

**وشە كلیلەكان:** دەقئاوێزان، دەقئاوێزانی ئاینی، كاكە ئەحمەد، دەق، جولیا كریستیڤا.

**1 - پێشەكی:** دەقئاوێزان ئەو بنەما و تیۆرەیە، كە دەڵێت هەموو دەقێك پێكهاتەی دەقی ترە، هەر ئەمەش وای كرد، كە مافی باوكایەتی لە دەق بسەنێتەوە، ئەمە ئەو تیۆرەیە لە شەستەكانی سەدەی رابردوو، لەسەر دەستی خانمە توێژەری بە بنەچە بولغاری جولیا كریستیڤا، وەكو زاراوەیەكی رەخنەی هاتۆتەئاراوە و چەسپاوە.

ناونیشانی توێژینەوەكە: بریتییە لە دەقئاوێزانی ئاینی لە شیعرە كوردییەكانی كاكە ئەحمەدی موفتی زادە.

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە گرنگی و هەمە چەشنی بابەتەكەیە و دواجاریش خودی شیعرەكانی كاكە ئەحمەدە، كە لێوان لێون لە ئایەت و فەرموودە ئەو بابەت و رووداوانەی كە خاوەن رەهەندێكی ئاینیین.

ئامانجی توێژینەوەكە: دەرخستنی بابەت و كرۆكەكانی ئاینە لە نێو دەقە شیعرییەكانی كاكە ئەحمەددا، هەوڵی ئەوومان داوە ئەو مەبەستانە بدۆزینەوە، كە شاعیرمان لە پێناویدا دەقئاوێزانی كردووە.

سنوری توێژینەوەكە: دۆزینەوەی رایەڵەی دەقە لە سنوری، بابەتە جۆراو جۆرەكانی ئاین، لە شیعرەكانی شاعیردا.

رێبازی توێژینەوەكە: پرۆگرامێكی وەسفی شیكارییە.

پێكهاتەی توێژینەوەكە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەكی پێكدێت

بەشەكانیش بەسەر چەند تەوەرەیك دیكە دا دابەشبوونە لە خوارەوە بەوردی باسیان لێوە دەكەین:

لەبەشی یەكەم و تەوەرەی یەكەمدا پێناسەو چەمكی دەقئاوێزانمان كردووە، لە تەوەرەی دووەمیشدا دەقئاوێزان وەكو شەپۆلێكی رەخنەی نوێ لە ئەوروپاو جولیا كریستیڤا وەكو رابەری ئەم رەوتە باسكردووە، لەتەوەرەی سێیەمدا دەقئاوێزان لە كەلتوری رۆژهەڵاتی و بەلاغەی كۆندا باسكردووە، لەبەشی دووەمدا كە زیاتر پراكتیكییە، باسی دەقئاوێزانی ئاینیمان كردووە، لە تەوەرەی یەكەمدا جۆرەكانی دەقئاوێزان و یاساكانی دەقئاوێزان خراونەتەروو، لەتەوەرەی دووەم دەقئاوێزانمان لەگەڵ قورئانی پیرۆز بە نمونەی شیعری ئاماژە پێداوە، لە تەوەرەی سێیەم باسی دەقئاوێزانمان لەگەڵ فەرموودە كردووە، بونمونەی شیعری زیاتر روونمان كردۆتەوە.

لە كۆتاییشدا بە خاڵ ئەنجامەكان خراونەتە روو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان.

## 2/ ناساندنی دەقئاوێزان:

### 2 – 1/ پێناسە و چەمكی دەقئاوێزان:

ئاوێزانبوونی دەقەکان شێوازێکی هزری ڕەخنەیی هاوچەرخە، کە لە شەستەکانەوە سەری هەڵداوە، بە یەکێك لە هۆکارەکانی بەراوردکردنی دەقە هونەرییەکان دادەنرێت، بەهۆیەوە دەتوانرێت دەقەکان خوێندنەوە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت.

ئەگەر بمانەوێ پێناسە و ڕاڤەیەکی تەواوی دەقئاوێزان بکەین، چەمێکی بەرامبەر دروست بکەین، کارێکی ئاسان نیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خودی دەقئاوێزان مانا و دەلالەتێکی زۆر هەڵدەگرێ، لە زمانی کوردیدا بەمانای تێکهەڵکێش و ئاوێزانبوونی دەقەکان دێت، کە بەرامبەر بە وشەی (intertextuality) ئینگلیزی و (intertextualité) فەرەنسییە، خاوەنی ئەم ڕەوتە نوێیەش، ژنە ڕەخنەگری فەرەنسی جولیا کریستیڤایە، وەکو زۆربەی توێژەران ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەم زاراوەیە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو دەرکەوتووە، کە سەرەتای دەرکەوتنیشی،((دەگەڕێتەوە بۆ خانمە توێژەر (جولیا کرستیفا) ساڵی 1966بابەتەکانی خۆی بڵاوی کردۆتەوە لە هەردوو گۆڤاری بەناوی-Tel (Quelو (Critique) ))(الزعبي،11:2000)، ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە ژێر کاریگەری دیالۆگیزمی میخائیل باختین بووە، کە دواتر لە تەوەرەی تردا ئاماژەی پێدەدەین.

کاتێ سەرنج دەدەینە تێڕوانینەکانی جولیا کریستیڤا، بەرامبەر دەقئاوێزان، ئەوەی زۆر گرنگی پێداوە، پرۆسەی هەڵمژین و داهێنانە، واتە ئەگەر چی لە زۆربەی پێناسەکانی پێی وایە دەقئاوێزان بریتییە، لە ئاوێزانبوونی دەقەکان، بەڵام بەو مەرجەی دەقێکی کۆپیکراو نەبێت، دەبێ ڕەنگدانەوەی خودی دەقنووسی پێوەبێت.

کریستیڤا پێیوایە دەق پاڵفتە بوونی نییە، بەڵکو دەقەکان ئاوێتەیەکن لە دیالۆگ و هەمیشە لە پەیوەندیدان،((هەموو دەقەکان بریتیینە لە ئاوێتەیەك لەگەڵ دەقەکانی پێشتر، واتە هەمیشە دەقەکان، دەکەونە گفتوگۆ و کارلێککردنی بەردەوام))(Jong, Sullivan,1993:15) ،کەواتە دەق لە ڕوانگەی جولیا کریستیڤاوە، ((سیستەمێکی زمانەوانی داخراو نییە، وەك ئەوەی فۆرمالیستە ڕوسییەکان و بونیادگەرییە ئەورووپییەکان بۆی دەچوون، بەڵکو سەرچاوەیەکی تیشکدانەوە و ڕەنگدانەوەیە، وەك زەرەبینێکی ناو کووڕ وایە بریسکەدارو خاوەن دەلالەتی ئاڵۆزە)) (مەحمود،38:2012)، جولیا بەمە تاك جەمسەری دەقی ڕەتکردۆتەوە، واتایەکی تری بە چەمك و پێکهاتەی دەق پێبەخشیووە، واتە بەلای کریستیڤا هەموو دەقێك فرەدەنگ و فرەڕەنگ و فرەئاهەنگە.

(میخائیل باختین)یش پێیوایە هیچ دەربڕینێك نیە، پەیوەندیەکی جەوهەری بە دەربڕینەکانی پێش خۆی نەبێت، ((هەر دەربڕینێك تەنانەت ئەگەر نووسراویش بێت، وەڵامە بۆ شتێك، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی کارەکانی ئاخاوتن، هەموو کردارێکی تۆمارکراویش هەمان کارەکانی پێش خۆیەتی، بەڵام درێژەی پێدەدات و تەواوی دەکات))(کریستیفا،78:1991).

ڕۆلان بارت باوەڕی وایە هەموو دەقێك ئاوێزانێکە لە دەقەکانی پێش خۆی، چونکە لەباسی بەرهەمهێنانی واتای دەقدا پێی وایە، ((دەرهاویشتەی ژیان لە دەرەوەی دەق بێ کۆتاییە، جا ئەو دەقە پۆست بێت، یان ڕۆژنامەیی یان ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی بێت))(ناظم ،24:2004)، کەواتە بەلای بارت دەقئاوێزان بوارێکی گشتیە، دارشتەیەکی خۆنەویستە و بەرهەمێك دەدات بە دەقەکە.

(میشێل فوکۆ) ڕەهەندی تازەی بۆ ئەم چەمکە زیاد کرد، بە دیدێکی تر لە دەقئاوێزانی ڕوانی، زیاتر وەکو پرۆسێسێك ئاماژەی بە دەقئاوێزان داوە، بەتایبەت لە کتێبەکەیدا بەناوی (سیستەمی وتاردان) دەڵێت: هەر نوسینێك یان دەقێك بە سێ حاڵەتدا تێدەپەڕێت(( وتار لە حاڵەتی یەکەم یاریەکی نووسینە، پاشان دەبێتە یاریەکی خوێنەر، پاشان دەبێتە حاڵەتێکی ئاڵوگۆڕکردن، جا ئەم نوسین و خوێندنەوە و ئاڵوگۆڕانە بەردەوام هێماکان بەکاردەهێنن، ئەگەرنا وتارەکە بوونی خۆی ڕەتدەکاتەوە))(الزعبي،15:2000)، فۆکۆ لێرەدا قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی دەق دەستنیشان دەکات، وەکو قۆناغەکانی سود وەرگرتن و خوێندنەوە و پرۆسێسەکانی ئاڵوگۆر و گۆڕنکاری و ڕەخنە.

(جیرار جینێت)یش ڕای وایە، هیچ دەقێك سەربەخۆ نیە و بەڵکو پێکهاتەی دەقی ترە، دەقەکان لەشێوەی تۆڕێك دانە، بۆیە دەڵێت دەقئاوێزان، ((پەیوەندیەکی ئاوێتەیە لەنێوان دوو دەق یان زیاتر))(62: Hebert,2008) .

ڕوانینی(لینچ)یش بۆ دەق زۆر لە ڕوانینی جاك دریداوە، نزیکە کاتێ دەڵێت: (( دەق بوونێکی سەربەخۆی نیە و مادەییەکی یەکگرتووی نییە، بەڵکو بریتییە لە زنجیرەیەك پەیوەندی لەگەڵ دەقەکانی تر))(مەولود،136:2017).

هەرچی (مارك ئەنجینو)یە باوەڕی وایە، کە توێژەرانی هاوچەرخ تەواو سەرقاڵی دەق و دەقئاوێزانن، پێی وایە ڕەهەندێکی نوێ و دیدێکی هاوچەرخیان هەیە، بۆ ئەم چەمکە، خۆشی هەمان تێگەیشتنەکانی پێش خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەکەمێ گۆڕانکاری بۆیە دەڵێت: ((هەردەقێك هاوشانی و هاوشێوەی دەقەکانی تر بێت، ئەوکات پێی دەڵێن، دەق لەناو دەق ئەمەش هەمووکلتوورەکان دەگرێتەوە))(الزعبي،13:2000).

((بەڵام هەرچی لوران جینی دەڵێت: کە دەقئاوێزان کاری گۆڕان و نواندنی چەند دەقێکە کە بەسەر دەقە ڕەسەنەکەدا دێت)) (الدباغ،52:2021).

ئەگەر بمانەوێ ماهیەت و چیەت و پێناسەی دەقئاوێزان بزانین، لە دید و ڕۆێیای ڕەخنەگر و نووسەرانی ڕەخنە و ئەدەبی عەرەبی، ئەوا ئەگەر تەنیا دوو پێناسەی دیار وەربگرین، ئەوا دید و تێڕوانینی ڕەخنەگرانی عەرەبیمان، بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەڵبەتەش ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو پێناسەکان دووبارە و یەکشتن، هەمووان دوای ئەوەی کە (محمد بنیس) وەکو زاراوەیەکی نێو هێنایە نێو ڕەخنەی نوێی عەرەبی، دوای هەنگاوی ئەو کەوتن و هەمان تێڕوانینیان دووبارە کردۆتەوە، ئەوەی هەیە زیاتر کێشەی زاراوەیان هەیە، هەتا خودی (محمد نبیس) یش لە سێ کتێبی جیا جیای خۆیدا، سێ زاراوەی جیاجیای بەکارهێناوە، بەڵام بەهەمان چەمك وەك، ((التناص او التناصية، تداخل النصوص او النصوص المتداخلة، النص الغائب، النصوص المهاجرة(او المهاجرة اليها)، تظافر النصوص،النصوص المحالة او المزاحة...))(حسین،13:2019).

محمد بنیس لەبارەی دەقئاوێزان لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی کریستیڤا و بارت پێیوایە دەق تۆڕێکە چەندەها دەق بەهۆیانەوە بەیەك دەگەن. لە بری زاراوەی

دەقئاوێزان(التناص) بە هەمان چەمك، دەق نائامادەی بەکار هێناوە، ئەمەش بەو بیانووەی کەوا لە هەر دەقێکدا دەق نائامادە و تەمومژ هەیە. سێ یاساشی بۆ دەقئاوێزان داناوە ئەوانیش (اجترار-جوینەوە)، (امتصاص-مژین)، (حوار-دیالۆگ)ن)(محمود، 2012 :53 ـ 54). لەم مەسەلە (محمد بنیس) باشی نەپێکاوە، چونکە دەق ئەگەر جوینەوە بێ، کەواتێ هەر دەقەکانی پێشووترن و بەکەمێ جیاوازی دووبارە دەکرێنەوە، لەم حاڵەتەشدا دەق نائامادە ئامادەی ئاشکرای دەبێت، هیچ تەمومژیەك دروست نابێت.

محمد مفتاح دەڵێت: ((دەقئاوێزان چوونە ناو پەیوەندییەکی دەقە لەگەڵ دەقی تر بە چۆنیەتی جیاواز))(مفتاح،121:1985)، ئەوەی لێرەدا ئەم ڕەخنەگرە دەیەوێ، بڵێ بریتییە لە هەبوونی داهێنان و چنینێك، تایبەتمەندیێت بە سیماو ڕۆحی دانەرەکەی، نەفەسی ئەم پێناسەیەش هەمان نەفەسی پێناسە و تێڕوانینی جولیا کریستیڤیایە.

ئەگەر بمانەوی لە دیدی ڕەخنەگر و نووسەرانی کوردەوە، لە دەقئاوێزان بڕوانین، ئەوا دیدی عبداللە تاهیر بەرزنجی بۆ دەقئاوێزان بریتییە لە پەیوەندی و دیالۆگی نیوان دەقەکان، ((چەند دەقێك تێکەڵاو دەبنو دەقێکی نوێیان لێ پێکدێت، جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانیان سەرهەڵدەدات))(بەرزنجی،25:1997).

د. شنۆ محەمەد بەم شێوەیە پێناسەی کردووە دەڵێت: ((دەقئاوێزان کۆکردنەوەی چەند دەقیکی جیاوازی بەرهەمهاتووە لە دەقێکی نوێدا، دەکەونە گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا و بەمەش دەقە نوێیەکە دەرگای وەڵادەبێت لە وەرگرتن و مژین و فراوانبووندا) (مەحمود،25:2012)، لێردا توێژەر هەڵمژینی وەکو داهێنانێك، بۆ دەقەکە دیاری کردووە، کە قۆناغ ومیکانیزمێکی گرنگ و پڕ بایاخی تیۆری دەقئاوێزانە، لە یەك پێناسەدا هەندێ پرسی زۆر گرنگی ورژاندووە.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدیش لە کتێبەکەی بە سێ چوار، پێناسەی وەك یەك تێڕوانینی خۆی بەرامبەر دەقئاوێزان دەربڕیووە، بەڵام ئێمە یەك پێناسە وەردەگرین لەبەر ئەوەی نزیکەی هەموو پێناسەکان، هەمان دەربڕین وهەمان تێگەیشتنن، ((لەدایکبوونی تێکستە لە مندالدانی تێکستەکانی دیەوە))(ئەسود،81:2011).

دکتۆر نەجم خالید ئەلۆەنی بەم شێوەیە پێناسەی دەقئاوێزانی کردووە، ((دەقئاوێزان ئەو کردارەیە، کە دەق بە ڕووی دەقەکانی تردا دەکاتەوە و وەکو خاسیەتێکی گرنگی بنیاتی دەق کار دەکات، بۆ ڕاکێشان و ئامادەبوونی دەقەکانی تر لە چوارچێوەی دەقێکی نوێدا، بێ ئەوەی ئەم کردارە لە بە هەی داهێنانی نووسەر و ئەفراندنی دەقێکی ڕەسەن کەم بکاتەوە))(ئەلوەنی،45:2012)، ئەوەی لەم پێناسەیە، گرنگی پیدراوە و تیشکی خراوەتە سەر، کرانەوەی دەق و داهێنانە واتە دەبێ دەقنووس دەقی یەکەم بکاتە پلیکانەی سەرکەوتن نەوەك تەنیا لاسایکردنەوەیەك بێ.

لە کۆی هەموو ئەو تێگەیشتنانە دەتوانین بڵێین: دەقئاوێزان بریتییە لە تێکەڵان و ئاوێزانبوونی دەقەکان، سود وەرگرتنیان لەیەکتری.

شارێیەکە، بۆ داهێنانی ئەدەبی، هەمیشە داهێنانی ئەدەبی بەهۆی ئاوێزانبوون و تێکەڵاوبوونی دەقەکانەوە بەدیدێت، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ بەدەقبوون و فرە دەنگی و فرە ڕەنگی دەق.

هەمیشەش لە دوای دۆزینەوە سەرچاوە بنیاتنەرەکانی دەقا وێڵە.

**2 – 2/ دەقئاوێزان وەکو شەپۆلێکی ڕەخنەی نوێ لە ئەورووپاو جولیا کریستیڤیا وەکو ڕابەری ئەم ڕەوتە:**

جولیا کریستیڤیا دامەزرێنەری ڕەوت و تیۆری دەقئاوێزانە، بەڵام ئەوەی هەیە لە نێوان جولیا و باختین و ئلیۆت، بریتییە لەو هاوکێشەی، ئایا بەرهەمهێنەر کێیە و ڕابەر و ڕێگەخۆشکەر کێیە؟

هەرگیز ناکرێ و نابێ، لە باسکردنی دەقئاوێزان باس لە ڕۆڵی گرنگی باختین و دیالۆگەکەی نەکرێت، وەکو ڕێگەخۆشکەرێك، بۆ سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، چونکە کریستیڤیا سودی لە چەمکی دیالۆگی(حوارية)ی باختین وەرگرتووە، کاتێ باختین ((لە کتێبی (شعريەتی دیتسۆفسکی) دا جەختی لەسەر ئاوێزانبوونی دەقەکان کردۆتەوە، بە گفتوگۆی دەقەکان ناوی بردوون)) (الطیب،13:2011)، ئەوەش ئەوە ناگەیێ، کە بە بەرهەمهێنەری ئەم زاراوە دابندرێ، چونکە ئەم زاراوەیەکی وردی بەکارنەهێناوە، زیاتریش کاری لەسەر دەقی ڕۆمان کردووە.

جگە لەمەش هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕەگ و ڕیشەی دەقاوێزان دەگەڕێتەوە، بۆ فۆرمالیستە ڕووسەکان لەوانە (شکلۆفسکی)، بەڵام ئەوە ڕایەکی بە هێز نیە، چونکە فۆرمالیستەکان بە تەنیا زەمینەساز بوونە، دواتریش ئەوان لە ڕۆڵی خوێنەریان کەم کردۆتەوە، ((بە لاوەنانی کەسایەتی نووسەر و خوێنەر))(مەنتك،92:2018)، پێچەوانەی تیوری دەقئاوێزان، دواتریش وەکو فۆرمێکی داخراو لە دەقیان ڕوانیووە، جگە لەوەش خودی شکلوفسکیش ((باختین بەیەکەم کەس دادەنێت، کە تیۆری (فرە دەنگی) خستۆتەڕوو))(خەلیل،24:2019).

کاتێکیش باس لە ڕابەری دەقئاوێزان دەکرێت، یەکسەر ناوی جولیا کریستیڤیا دێت، کە دارێژەری ئەم زاراوەیە لە ڕەخنەی نوێ ئەورووپیدا، ئەمەش چونکە ئەم خانمە توێژەرە، لەلایەك بەهۆی پەرەپێدانی بە دەقئاوێزان، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانی بەکارهینانی ئەم زاراوەیە تێیدا، دواتریش لە دوو کتێبدا ئەم زاراوەی بەکارهێناوە، ((دوو کتێب بە ناوی سیمیۆتیك (Semiotic)و دەقی ڕۆمان (Le texte du roman) و هەروەها پێشەکی کتێبی دیستۆفسکی باختین دا بڵاوکراوەتەوە))(مەحمود،22:2012)، هەروەها بەخێرایش تیۆرەکەی بڵاوکردۆتەوە، تا گەیشتە ئەوەی سنوری ئەورووپا ببەزێنێت و بپەڕێتەوە، بۆ ئەمەریکا.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئیلیۆتی شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیزیە، دەربارەی ئەم زاراوەیە گوتویەتی: ((مانا و ناوەڕۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێ، یان کاری هونەری هیچ دانەرێ، بە تەواوی هی خۆی نییە))(محەمەد،7:2011)، کەواتە ئلیۆت زۆر زووتر ئاماژەی پێکردووە، بەڵام هەمیشە ئەوەی ئلیۆت، کە گوزارشتی لێوە کردووە، لە بازنەیەکی تەسکدا دەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم ڕەخنەگرە، تەنیا وەکو دیاریدەیەك باسی کردووە، نەیخستۆتە دووتوێی تیۆرێك، بوارەکەی فراوانی کردبێ، بەڵکو لە بۆچوونی

تاكەكەسیەوە تێنەپەڕیوە.

كەواتە مانا و كارپێكردن و بۆچوون و بەبیرداهاتن، لە هەمبەر ئەم تیۆرە لە ئەوروپاوە دەگەڕێتەوە، بۆ زەمەنێكی درێژ، بۆ وێنە ئەگەر تەماشای بۆچوونەكانی ئیلیۆت بكەین، هەستی دەكەین، كە ئەم شاعیرە زۆر زوو پێی وابووە، هیچ دانەرێك نووسینەكانی هی خۆی نین، بەڵام ئەگەر وەكو هەوڵێكی سەرەتایی و رێخۆشكەر تەماشای بكەین، یەكسەر هەوڵە سەرەتاییەكانی شكلۆفسكیمان دێتە خەیاڵ، ئەگەر وەكو هۆكارێكیش تەماشای كەین، دیالۆگەكەی باختین، هەمیشە لە فاكتەرە هەر پێشەنگەكانە، وەكو زاراوەیەكی چەسپاو و تەواو جولیا كریستیڤیا ڕایگەیاندوو و بڵاوی كردەوە.

**2 – 3/ دەقئاوێزان لە كەلتوری ڕۆژهەڵاتی و بەلاغەی كۆن:**

دەقئاوێزان وەكو بیرۆكەیەك بوونی لەمێژینەی هەبووە، تەنیا ئەوەندە هەیە، بە خەسڵەتی جیاواز لە هەمان سیاقدا ئاماژەی پێدراوە، هەڵبەتە لەگەڵ لە دایكبوونی یەكەم دەقیش دەقئاوێزان لە دایكبووە.

دەقئاوێزان لە كۆندا بەوە گوزارشتی لێوە كراوە كە بریتییە، ((تێهەڵكێشانی دەقێكی ئەدەبی بە دەقێك یان بیرۆكەیەكی پێشوو لە رێگەی وەرگرتن، تێهەڵكێش، تیلنیشان، ئاماژەدان)) (الزعبي،9:2000)، لە ڕەخنەی ئەدەبی و بەلاغەی كۆنی ڕۆژهەڵاتیدا دەقئاوێزان لە كۆمەڵێك دیاریدە و هەروەها لە خانەی دزی ئەدەبی و هونەرەكانی ڕەوانبێژیدا كۆكرابۆوە.

دەقئاوێزان وەكو زاراوەیەك نا، بەڵكو وەكو پەیڕەوكردن و دیاریدەیەك، لە ڕەخنەی كۆنی كوردیدا هەمیشە بوونی هەبووە، (( لەڕەخنەی كۆنی كوردیدا.....زیاتر ئاماژە بە دزین و وەرگرتن و تێهەڵكێشكردن كراوە)(حسین،14:201).

خودی زاراوەكە هەندێك درەنگ كەوتووە (( زاراوەی دەق ئاوێز، زاراوەیەكی نوێیەو جۆرێك لە نامۆیی پێوە دیارە، بە تایبەتی لە جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا))(ماوەتی،145:2001)، زیاتر دزی و وەرگرتن بەكارهاتووە..

ئەگەر تەماشای ڕەخنەی كۆنی عەرەبیش بكەین، دەبینین بۆ ئاوێزانبوونی دەقەكان زاراوەكانی وەكو،((السرقه،الاخذ، المسخ، النسخ، الغصب، السلخ، التضمين، الاقتباس، الاغارة...)) (رضوان،81:2010)، ئەمانیش هەر دزی ئەدەبی و وەرگرتن و تێهەڵكێشیان بەكارهێناوە.

بەهەمان شێوەش لە ڕەخنەی كۆنی فارسیشدا هەر دزی ئەدەبی و تەهەڵكێش و تیلنیشان و لێوەرگرتن بەركارهاتوونە،((پێش ئەوەی جولیا كریستیڤیا بە سود وەرگرتنی دیالۆگی باختین دەقئاوێزان بەكاربهێنێ، هەر زاراوەكان تیلنیشان و تێهەڵكێش و دزی ئەدەبی و لێوەرگرتن بەكاردەهاتن))(سلامت باويل،35:1397).

بەستنەوەی دیاردەی دەقئاوێزان بە ڕەوانبێژی كۆن، بۆ خاڵێك كەمەركێشمان دەكات، ئەویش ئەوەیە، زۆرێك لە هونەرەكانی ڕەوانبێژی لەشیعردا زیاتر لە مانایەك بەرجەستەدەكەن، شتێك دەڵێن و مەبەست شتێكی ترە، ئەمەش وا دەكات زۆربەی ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵاتی، دەقئاوێزان بەستنەوە بە هونەرەكانی ڕەوانبێژی، (( نووسەرانی عەرەب هەندێ لە هونەرەكانی ڕەوانبێژی وەك، چواندن و خواستن ودركەیان خستۆتە بازنەی دەقئاوێزانی، چونكە واتای یەكەم و دووەمیان هەیەو شاعیر شتێكت پێ دەڵێ و مەبەستی شتێكی ترە))(سالار،10:2007) .

ئەمەش ئەوە دەگەیێ، هەمیشە دەقئاوێزان بوونی هەبووە، لە كەلتوری ڕۆژهەڵاتیماندا، بەڵام لەبازنەیەكی گشتی وەكو تیۆرێك لە كەلتوری ڕۆژئاوای وەرگیراوە.

**3/ دەقئاوێزانی ئاین:**

كاتێك ئاین و ئەدەب ئاوێزانی یەكتر دەبن، ئەوكات دەقئاوێزانی ئاینی بەرهەمدەهێنن، كە دەكەوێتە خانەی دەقئاوێزانی دەرەكی، لەبەر ئەوەی ئاین بەشێك نیە لە ئەدەب، بەڵكو وەكو ئایدۆلۆژیا و مێژوو فەلسەفە..هتد دەكەوێتە دەرەوەی ئەدەب.

دەقئاوێزانی ئاینی ئەوەیە، كە ئەدیب یان شاعیر لەنێو دەقە ئەدەبییەكان پەنا بۆ دەقە ئاینیەكان بات، بیكاتە سەرچاوە و هەوێنی داهێنانی دەقە ئەدەبییەكانی.

مەرجیش نییە دەقە ئاینییەكە تەنیا قورئانی پیرۆز بێت، بەڵكو نووسەران دەتوانن، سود لە هەموو ئەو دەق و بەسەرهات و گێڕانەوانەش وەربگرن، كە لە فەرموودە و فیقهی زانایان و مێژووی ئیماندارا ن هەیە، تەنانەت هی ئاینە ئاسمانیەكانی تریش بن، كاتێ ڕێكبن لەگەڵ ئاینی ئەو ئەدیبە موسڵمانە، كە دەقئاوێزانی لەبەرهەمەكەیدا دەكات، واتە هەموو بابەتانەی كە ڕەهەندێكی ئاینییان هەیە، هەتا ئەو وشە و زاراوە و ڕووداو و كەسایەتیانەی كەپەیوەندارن بە بابەتە ئاینییەكان.

هەمیشە ئەدیبان بەگشتی و شاعیرانیش بە تایبەت پەنا بۆ ئەو جۆرەی دەقئاوێزان دەبەن، ئەمەش بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە، یەكێك لەوانە: بۆ پیرۆزی و دوڵەمەندی قورئانی پیرۆز دەگەڕێتەوە، لە ڕووی شێوازەكانی داهێنان سودی زۆر لە قورئانی پیرۆز وەردەگرن، چونكە قورئانی پیرۆز لێوان لێوە لە بەلاغە، ((هەمیشە قورئان ڕۆڵێكی بەرچاو و بەهێز و كاریگەری هەبووە، بە هۆی بوونی لایەنە ڕەوانبێژییەكان و چەندین ناوەڕۆكی تازە توانیویەتی شاعیر و نووسەران بەرەو خۆی كێش بكات))(خەلیل،47:2019).

ئەگەرچی هونەری دەقئاوێزانی ئاینی، كارێكی زۆر ئاسان نییە، بەڵكو پێویستی بە توانا و لێهاتوویەكی زۆر هەیە، لە هەمان كاتیشدا لەلایەن زۆرێكی ئەدیبانەوە دادەهێنرێت، ئەمەش لەلایەك بۆ لایەنی ئیستاتیكایە، لەلایەكی تریش وەكو بەڵگەیەكە هێزەك بە دەقەكە دەبەخشێ، بۆیە زۆرترین جار پەنای بۆ دەبەن، ((لەو هەڤدەقییا ئاینی گرنگیەكا كاریگەر یاهەی، كو دەقێن شیعری بكەتە هەڵگری دەستهەلاتەكا ب هێز و كاریگەر))(عەبدولرەحمان،142:2020)، دواجاریش گەورەترین فاكتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە

شاعیران بەتایبەت سەردەمی كلاسیك پەروەردی حوجرە و قورئانن بۆیە، ((دەقە ئەدەبیەكەی خۆی پێ بەهێزتر دەكات، یان ڕاكیشانی سەرنجی خوێنەرە، بۆ دەقێكی پیرۆز، هەروەها بۆ وورياكردنەوەی خەڵك و جوانكردنی هۆنراوەكانیش بەكاریدەهێنن))(اسماعیل،134:1986)، هەروەها بۆ بەئاگا هێنانەوەی خەوتووەكان لە بیری غەفڵەت .

((قورئان بۆ موسڵمان هەم زمانی دڵە و هەم زمانی بیروباوەڕیانە، واتە ئاسودەیی دڵەكانە...بۆیە زۆربەی شاعیران بەمەبەستی بەردەوامی خود و زیندووڕاگرتن و بەردەوامیان ... دەقی ئاینیان دەقئاوێزانی شیعرەكانیان كردووە))(خەلیل،72:2019)، كەواتە زۆربەی ئەدیبان بە دوو شێواز سود وەردەگرن، یان وەكو بەهێزییەك سود لە قورئان وەردەگرن یان وەكو لایەنێكی ئیستاتیكی جوان و كاریگەر.

**3 – 1/ جۆر و یاساكانی دەقئاوێزان:**

**1- 1/ جۆرەكانی دەقئاوێزان:**

جۆرەكانی دەقئاوێزان بۆ دوو پرسی گرنگ كەمەركێشمان دەكات، ئەوانیش یەكێكیان بریتییە لەوەی، كە بە گوێرەی بۆچوون و دابەشكارییەكانی تیۆرست و ڕەخنەگران جۆرەكانی دەقئاوێزان، گۆڕانكاریان بەسەردا دێت، چونكە هەر ڕەخنەگرێگ بە گوێرەی ڕوئیاكانی خۆیی، دەقئاوێزانی بۆ چەند جۆرێك دیاریكردووە، ڕەنگە ئەمە لەلای ڕەخنەگرێكی تر جۆرێكی تربێت، هەمیش لەرروی ژمارەیانەوە، واتە لە ڕووی دابەشكردنەوە لای هەر تیۆریستێك ژمارەیەكی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تر، بەڵام لە ئێستادا لە (ڕەخنەی ئەدەبی كوردی)ماندا، بەگشتی جۆرەكانی دەقئاوێزان هەندێكیان باون و ڕێكەوتنی زۆرینەی ڕەخنەگران و بیرمەندانی لەسەرە، بۆیە دواجار، ئاماژە بەسێ جۆرە گشتیەكەی دەكەین:

أ - دەقئاوێزانی خودی:

ئەم جۆرەیان بریتییە لەوەی، شاعیر یان نووسەر بەگشتی، سود لە هەمان بەرهەمەكانی ئێستای یان پێشوتری خۆی ببینێت و بیكاتە هەوێنی دەقە نوێیەكەی، ((نووسەرێك لە دەقی ئێستای یان پێشتری خۆی دالێك یان چەند وشە و دەستەواژە و بیرێك وەردەگرێتو دەقێكی نوێی لێ بەرهەمدێنێت))(مەحمود،100:2012) .

ب - دەقئاوێزانی دەرەكی:

بریتییە لە تێكەڵاوبوون و ئاوێتەبوونی ڕەهەندە جیاجیاكان، ئەم جۆرەیان واتە نووسەر بۆ دەقی بەرهەمهاتوو، سود لە دەرەوەی دەقەكانی خۆی ببینێ و ئاوێزانی دەقەكەی خۆی بكات، واتە ((ئاوێزانبوونی دەقی نووسەرە لەگەڵ ئەو سەرچاوە دەرەكییانەی لەگەڵ دەقەكەیدا دەگونجێت))(مستەفا ،219:2017)، لێرە ئەدەب و بابەتە هەمە چەشنەكانی تر ئاوێزان یەكتر دەكات، هەر ئەمەشە وا دەكات پانتیەكی گەورە لە مەیدانی دەقئاوێزاندا داگیر بكات، (( دەقئاوێزانی دەرەكی خۆی لە پەیوەنی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆجیا، یان ئەدەب و مێژوو، یاخود ئەدەب و هونەر...هتد دەنوێنێت))(ئەلۆونی،52:2012)، دواتریش هەموو ئەمانە دەكاتە بەشێك لە دەقەكەی، ئەگەر چی لەڕووی كار و تایبەتمەندێتی و سەرچاوەكانیش جیاوازن، چونكە نووسەر ئەو بابەتەی وەریدەگرێت وەكو خۆی بەهەمان واتا و دەلالەت دایناڕێژێتەوە (حەویز،189:2022).

ج - دەقئاوێزانی قۆناغی(ناوەكی) :

بە ئاوێزانبوونی ئەو دەقانە دەوترێ دەقئاوێزانی قۆناغی، كە خاوەنی هەمان قۆناغی زەمەنین، ((ئەو دەقئاوێزانەیە كە لەنێوان نەوەیەك و یەك قۆناغی زەمەنیدا ڕوودەدات))(مەحمود،98:2012) زۆرێك لە ڕەخنەگران چەند مەرجیكیان دەستنیشان كردووە، بۆ ئەم دەقئاوێزان وەكو بوونی یەك ئینتیما بۆ ئایدۆلۆجیایەك و بوونی زمان و ژینگە و ڕۆشنبیری هاوبەش.

**1-2/ یاساكانی دەقئاوێزان:**

دوای ئەوەی دەقئاوێزانمان لە زۆر ڕووەوە ناساند، پێویستە ئاماژە بە بوار و یاساكانی بدەین، لەبەر ئەوەی دەقئاوێزانیش، وەكو هەر ڕەوتێك و تیۆرێك خاوەنی چەندین یاسایە، كە لەلایەن بیرمەندانی و ڕابەرانی دەقئاوێزان دەست نیشانكراون و كراونەتە، مەرجی بە ئەنجام گەیاندن و سەركەوتنی پرۆسەی دەقئاوێزان، دواجاریش وەكو هۆكارێكیشن، تاوەكو خوێنەر سەرچاوەی ئاوێزانەكان بدۆزێتەوە، هەر یەكێكیش لەم یاسایانە گرنگ و پێگەیەكی جیاوازتری لەوەی تر هەیە، ئەمەش لەسەر ئاستی دەقی داهێنراودا، بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەوانیش بریتین لە:

**أ/** جوینەوە (الاجترار):

ئەم جۆرەیان واتە دووبارەی كردنەوەی هەمان دەقی پێشوو، هەروەها جوینەوەی بە بێ ئەوەی گۆڕانكاریەكی دیاری تیادا بنیاتبنرێ، جگە لە كەمێ گۆڕانكاری، ئەمەش هۆكارەكەی هەر بە تەنیا، بۆ لاوازی توانای دەقنووس ناگەڕێتەوە، بەڵكو دەقنووس هەندێ جار ناچارە، پابەندی دەقە وەرگیراوەكە بێ، بۆ وێنە ئەگەر هاتوو، دەقەكە دەقێكی ئاینی بێت، بۆ نمونە قورئانی پیرۆز بێت، لەبەر پیرۆزی حەزناكات، دەستكاری بكات، یاخود ڕێزگرتن بەرامبەر هەندێ دەق، یانیش هەندێ لە دەقەكان خاوەن ئەم تایبەتمەندیەن، بە دەستكاریكردنیان گرنگی خۆیان لەدەست دەدەن، یان ماناكانیان دەشێوێت، ((لەبەر تێڕوانینی پیرۆزی و ڕێزگرتنی چەند دەق و بەتایبەتیش دەقی ئایین و ئەفسانەكان)) (مەحمود،84:2012)،ئەم یاسایەی دەقئاوێزان لە ڕووی هونەریەوە، بە كەم بایەخەوە تەماشا كراوە، تەنانەت هەندێك كات لەلایەن ڕەخنەگرانەوە، ئەم جۆرەیان بە دزی ئەدەبی لەقەڵەم دراوە.

ب/ هەڵمژین (الامتصاص):

هەڵمژین بریتییە لەوەی، کە هەمان ناوەڕۆکی دەقێك وەربگری، بەڵام بە دەربڕینێکی جیاوازتر گەڵاڵەی بکەی، ((هەڵشێلانی ناوەڕۆکی دەقی پێشترە، یان بیرۆکەکەیەتی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەتی))(عزیز،2019:116)، ئەوەی ئەم یاسایەش لە یاسایی جووینەوە جیادەکاتەوە، بەشیوازێکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دەقی ئامادە ناکات، بەڵکو بەشیوازێکی ناڕاستەوخۆ وهێما ئامێز ودەلالی هەستی پێدەکرێ، (بۆیە دەقی ئامادە بە ئاسانی نادۆزرێتەوە و ئاستەکەشی بەرزە لە گۆڕینی دەقەکان) (بهار،2014:87).

ج/ گفتوگۆ (الحوار):

ئەم جۆرەیان بەرزترین ئاستی دەقئاوێزانە و دوو یاسایەکەی تر تێدەپەڕێنێ، هەروەها توانای تێکشکان و هەڵوەشانەوەی دەقی هەیە، بۆیە ئەم جۆرەیان پێویستی بە خوێنەرێکی خاوەن پاشخانێکی ڕۆشنبیری پتەو هەیە، لەبەر ئەوەی دیالۆگ بەرزترین پلەی خوێندنەوەیە، بە شێوەیەک کە دەق پشت دەبەستێت بە بناغەیەکی پتەو،((پەیوەستە بە خوێندنەوەیەکی هۆشیارانەی قوڵەوە))(مەولود، حسین،2017:138)، نووسەر دەقی ئامادە دەگۆڕێ و هەڵیدەگێڕێتەوە، دەوترێ دیالۆگ بریتییە لە: (هێما و ئاماژەو چاوتروکانێك لە تیشك خستنەسەردا)(بهار،2014:95)، چونکە ((مامەڵەیەکی سەرتاپاگیر و هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنی دەقی پێشتر دەکات، بەمەش گفتوگۆی دەقەکە دەکات، نەك لاسایی و جوینەوەی)) (بایز،2012:189).

**3 – 2/ دەقئاوێزان لەگەڵ قورئانی پیرۆز:**

زیاتر شاعیران بە سێ چەشن و شێواز سودیان لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە، ئەوانیش یان دەربڕینی قورئانیان وەرگرتووە وەکو خۆی (التناص اللفظي)، یانیش سودیان لە شێوازەکەی وەرگرتووە، یانیش هاتوونە مانا و ناوەڕۆکی قورئانیانی وەرگرتووە لێرەدا ( شاعیر ئاماژە بەو ماناو دەلالەتە قورئانیانە دەکات، کە لە ئایەتەکاندا هاتوونە، بە تایبەتیش کرۆکی چیرۆکەکانی)(سلیمان،2005:45). جا بۆیە ئەم تەوەرەیە دابەشی چەند لقێکی جیا جیا دەکەین:

**1ـ دەقئاوێزانی دەربڕینی قورئان وەکو خۆی:**

ئەوەی لێرەدا شاعیر سودی لێدەبینێت، بریتییە لە وەرگرتنی ئایەتێك یان بەشێکی ئایەتێك، بە هەمان دەربڕینی خۆی، بەبێ ئەوەی هیچ دەستکارییەکی بکات:

*ئەو دایمە لەتەك خێزانی ماڵا*

*خۆشی ئەبوێری و سەرمەسی هەوایی*

*جار جار ناکەویە خەمی مەردم، کەبی*

*لە"فی اهله مسروراً"* جیایی (دیوان:212)

لێرە وەکو خۆی دەقئاوێزانی لەگەڵ سورەتی الإنشقاق/13 کردووە، لەڕێگەی یاسایی جووینەوە، خودای گەورە دەفەرموێ: ((إِنَّهُ كَانَ فِي أَهْلِهِ مَسْرُورًا)).

لە شیعرێکی تریشدا بەشێکی سورەتی النساء/75 وەکو خۆی بە میکانیزمی لابردن وەرگرتووە، خودای گەورە دەفەرموێ:((وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا)):

*ئەی خوا تەوفێق بە: خۆم و هاوڕێم*

*وا کە تۆ پێت خۆشە بمرین و بژین:*

*تێ بکۆشین و، تەناتەن گیان بدەین*

*"فی سبیل الله و المستضعفین"*(دیوان:147)

**2 -دەقئاوێزانی مانای قورئان:**

لێرەدا شاعیرەکە یان ئەدیبەکە دێت کرۆك و مانای قورئان وەردەگرێت، ئایەتەکە وەکو خۆی وەرناگرێت، بەڵکو دەقئاوێزانی مانای ئایەتەکان دەکات، بەتایبەت ئەو ئەدیبانەی خاوەن هەڵوێستێکی دینین، گریمانەمان وایە ڕێژەی بەکارهێنانی دەقئاوێزانی مانای قورئانی، لای موفتی زادە، بەبەراورد بە جۆرەکانی تری دەقئاوێزان زۆر زیاترە.

شاعیر لێرەدا دەقئاوێزانی مانای سورەتی الاسراء/15 کردووە، ((مَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا)). بۆیەش دەڵێین مانا لەبەر ئەوەی شاعیر تەنیا پوختەی ئەو ئایەتەی وەرگرتووە، کە باس لەوە دەکات، تا مرۆڤەکان پیغەمبەریان بۆ دەنێردرێت، لە دین و حەق حاڵیان دەکات، حوکمی شەرعیان لەسەر نیە و سزا نادرێن، بەرامبەر تاوانەکانیان، بۆیە شاعیر لەو حاڵەتە بە ئاوێزابوونی مانایی سورەتەکە دەڵێت: کوفر و ئیمان لەیەك جیا نین تا ئەو کاتەی لە حەق حاڵی دەبین:

*خوا بەکەسانێ،"کافر"یان "مؤمن"*

*ئێژێ، حەساویی لە حەق حاڵیی بن*

*یانێ، تا پلەی "لە حەق تێ گەییین"*

*ئیمان و کوفر، لەیەك جیا نیین*(دیوان:138ـ139) لەشعرێکی تریدا دەقئاوێزانی مانای بەشێکی سورەتی الحجرات/13 ی کردووە، ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ

إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ))، دەڵێت:ڕیزو شکۆمان لەلای خودای گەورە بە خودا پەرستی و ناسینی خودایە، شتی تر نرخ و بەهایەکی نیە، لە قورئانی پیرۆزیش لە چەندین سورەتدا ئەوە باسکراوە کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤەکان نیە، جگە لەوەیان کە بەندایەتی زیاتر دەکات:

*بە ئیمان و فامیین و تەقوایە قەدرت*

*شتی تر لە شۆن وانەیە قیمەتی*(دیوان:82)

**3 -دەقئاوێزانی وشەو دەستەواژەکانی نێو قورئان:**

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو وشە و زاراوانە کە ڕاستەوخۆ لە ناو قورئان هاتوونە، وەکو (ڕۆژی دوایی، بەهەشت، دۆزەخ، فریشتە، شەیتان، مەرگ، دوعا و پاڕانەوە ...هتد):

*جا ئەو کاتە وا دڵت کوڵ ئێری*

*یادی برات کە وە دوعای خێری*

*دڵگەڵ پڕ گەشەو مەجلیس پڕ نوور بێ*

*مەلایکە نزیك، شەیاتیین دوور بێ*(دیوان:145)

لێرە ئەوە وشانەی ئاوێزانەکەی لەسەر بنیاتناوە زاراوەکانی،

(مەلائیکە و شەیتان و دوعا و نوور)ە ئەمانەش ئەو وشەو زاراوەن، ناڵێین لە تەواوی قورئان بەڵکو پتر لە سێ بەشی قورئان ئامادەی هەیە.

**4 -دەقئاوێزانی ڕووداو و بابەتەکانی نێو قورئان:**

ئەو ڕووداو و بابەتانەی کە لە نێو قورئاندا زۆر دیارن، زۆر جار شاعیر سودیان لێوەردەگرێ بیری دەقەکەی لەسەر دادەڕێژی، وەکو ناوی پێغەمبەران و چیرۆك و ڕووداوەکانی ژیانیان:

شاعیر لەم شیعرەیدا ئاماژەی بە دوو ڕووداوی گرنگ کردووە، یەکێکیان هێرشکردنە سەر کەعبەی پیرۆزە، کە لە سورەتێکی تەواوی باسی لێوەکراوە ئەویش سورەتی الفیل:

*چل ساڵ تێپەڕیی، زەمانی ماندوو*

*لەو ساڵەی مەشهوور بە" عام الفیل" بوو*

*زەمان، چ زەمان؟ سەنگیین بۆ هەژار*

*وەك تەوقی زاڵم، تاڵ، وەك ژەحری مار*(دیوان:244)

ئەمە وەکو چرکەساتی لە دایکبوونی بیری ئیسلامی بیری لێدەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو خەڵك لە ژێر کۆلی زەحمەتی بتپەرستی دەیناڵاند.

بەهۆی میکانیزمی ئاماژەدان، دەقئاوێزانی ژیانی پێغەمبەر(د.خ) و ڕووداوی هێرشی کردنە سەر کەعبەی پیرۆزی کردووە، کە لەلایەن ئەبرەهەی بتپەرستی پاشای حەبەشە بووە، دواتر ئەوە ئەم ساڵەیە کە پێغەمبەرمان محمد(د.خ) تیایدا لە دایك بووە، هەروەها خودای گەورە کەعبەی پیرۆزی وەکو موعجیزەیەك بەباڵندە، لە چنگی بتپەرستان پاراستووە، هێرشکەرانی بەرد باران، کردووە لەناوی بردوونە.

لێرەدا دەقئاوێزانی هزری ئیسلامیشی کردووە، لەبەر ئەوەی هەموو هزرە ئیسلامیەکان سەرچاوە دەگرن بە لە دایکبوونی پێغەمبەرمان محمد(د.خ) لەوێوە چرۆ دەکەن، لەلای ئەو زاتە پیرۆزە گەڵاڵە دەبن و بەیان دەکرێن، چونکە کاری هەموو پەیامبەران بریتییە لە تەزکیە و تەعلیم .

**5 -دەقئاوێزانی شێوازەکانی قورئان:**

شێوازی قورئانی((ڕێچکەیەکی تایبەتی قورئانە، لە دروستکردنی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی دەربڕینەکان)) (سلیمان،17:2016)، ئەم شێوازەش لێوان لێوە لە موعجیزەی خودای.

قورئانی پیرۆز کەلامی خودای گەوریەو بە سروش دابەزیووە، بۆیە هەرگیز دووبارە نابێتەوە، لەتوانای هیچ مرۆڤێك نیە، خۆی لەتەك بدات، بەڵام ئەگەر وەکو شێوازەکانی دەربڕین و گوزارشتکردن تەماشای بکەین، ئەو کاتە ئەدیبان دەتوانن سودی لێببینن، چونکە هەمیشە لەبەر پیرۆزی و کاریگەریەکەی و شێوازی بەرز و ڕەوانبێژی وردی، ئەدیبان هەوڵی دەقئاوێزانی قورئانی پیرۆز دەدەن، بەتایبەت لای ئەو ئەدیبانەی خاوەنی هەڵوێستێکی ئایینین.

موفتی زادە وەکو زانایەك و خەمخۆرێك و بانگخوازێك، هەمیشە بەشێوەیەکی گشتی دەقئاوێزانی لەگەڵ قورئان و ئەو بابەتانە کردووە، کە ڕەهەندێکی ئاینییان هەیە، هەروەها دەقئاوێزانی شێوازەکانی قورئانی پیرۆزیشی بەتایبەتی گرنگی پێداوە، زیاتریش لەو بابەتانە دەقئاوێزانی شێوازی کووە، کە لە قورئاندا زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە.

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی شێوازی قورئان بریتییە لە وردی لە گوزارشت و دەربڕیندا، ئەگەر تەماشای ئەم دوو دێرە بکەین هەڵگری دووتایبەتمەدی شێوازی قورئانە

و شاعیر هاتووە، دەقئاوێزانی شێوازی، بەهێزی گوزارشت و کاریگەری گوزارشتی کردووە:

*دنیا وەکو تاو تێتو بەتاو تێئەپەرێ*

*ئامانە نەکەیی بە تاوێ خۆ بفروشی*

*جووتیاری بەفامبە: تۆوی دنیای خوەشەوییس*

*بێژێنە خاك و بۆ بەری تێکۆشی*(دیوان:63)

لەچەندین سورەتی قورئاندا، باسی فانیەتی دونیا کراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە، بە شێوازێکی زۆر کاریگەر، بۆ نمونە لە ئایەتی (8)ی سورەتی الکهف خودای گەورە دەفەرمووێ:((وَإِنَّا لَجَاعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا)) بە شێوازێکی زۆر کاریگەر پێمان دەفەرمووێ: ئەوەی لەسەر زەویە لە جوانی و ڕازاوەیی نازو نیعمەت لە کۆتاییدا نایێڵین و لە ناوی دەبەین... بۆیە بە دنیا هەڵمەخەڵەتێن با دونیا فریوتان نەدات...)، شاعیریشدا هەوڵی دەقئاوێزانی هەمان شێوازی داوە، جگە لەوەی کە هەمان شێوازی وەرگرتووە، دەقئاوێزانی ماناشی بە میکانیزمی هەڵمژین کردووە، زۆر بەورد و پوختی پێمان دەڵێت: نابێ بەرامبەر بە دونیا، کاڵ فام بین و خۆمان بدۆڕێنین، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێمان دەڵی: پێویستە دونیا فانی بکەینە هۆکاری چوونە بەهەشت.

لەشیعرانی تریشیدا هاتووە لە ڕووی فەرمان کردن بە کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لەکاری خراپە و داواکردن لە خەڵك دەقئاوێزانی شێوازە فەرمانییەکانی قورئانی کردووەبۆ نمونە:

*هەوڵت ئەگەر بە ڕاسە لە بۆ مەردەمە نەخۆت*

*هەوڵت نەبێ کە قافڵە خۆشی بگاتە جێ*

*هەرتا کە ملەتێ لە گ ب اریکەوە نەگ*

*هەرچێکی دەس کەوێ وەك ئەبینیی لە کیس ئەچێ* (دیوان:128).

### 6- دەقئاوێزانی چیرۆکی نێو قورئان:

چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم(س.خ)، لەگەڵ پێغەمبەر ئیسماعیلی کوڕی چیرۆکێکی دیاری نێو قورئانە، کە ئەویش خۆی لە خەونێکدا دەبینێتەوە، کاتێ پێغەمبەر ئیبراهیم خەونێك دەبینێ، کە پێغەمبەر ئیسماعیل سەردەبڕێت، خەوی پێغەمبەرانیش ڕاستە و وەحییە و لە خواوەیە، پێغەمبەر ئیبراهیم بە پێغەمبەر ئیسماعیلی وت کوڕی شیرینم لەخەومدا تۆم سەربڕی، تۆ چ دەڵێی؟

پێغەمبەر ئیسماعیل وتی بابە گیان فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ بکە، خوای گەورە یارمەتیم بدات ئارام دەگرم، هەردووکیان ڕۆیشتن تا گەیشتنە شوێنی مینا، لەوێ پێغەمبەر ئیسماعیل لەسەر ئەژنۆ دانیشت پێغەمبەر ئیبراهیم(س.خ)، چەقۆی خستە سەر ملی، ویستی فەرمانی خودای گەورە لەسەر ئەوە کوڕەی جێبەجی بکات و بیکاتە قوربانی، کە زۆری خۆشدەویست، چونکە نوری پێغەمبەرایەتی لێدەبینی، لەم کاتەدا جبریل مەڕێکی بۆ هێنان، خودای گەورە بە پێغەمبەر ئیبراهیمی وتی پێغەمبەر ئیسماعیل سەرمەبڕە، ئەوا ئەو مەڕە بکە قوربانی لە جیاتی.

کاکە ئەحمەد لەم شیعرەیدا، کە دەڵێ پاش چەندها ساڵ، بەسەرهاتی حەضرەتی إسماعیل لە ساڵی فیل هاتەپێش، هاتووە بە یاسای جووینەوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەقئاوێزانی هەمان چیرۆکی کردووە، کە لە سورەتی (الصافات) ئایەتی(103) هاتووە، خودای گەورە دەفەرمووێ: (( فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانْظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ )):

*پاش چەنای چەن ساڵ، دیبسان، عام الفیل،*

*پێش هات، بە سەرهات حضرت اسمعیل*

*لە ئەو لادەی ئەو، باوکی، هەمیبسان،*

*کەوتە ڕێ، ڕۆڵەی، بکاتە قوربان ئەمجارەیچ، شێویا، بە ئەمری یەزدان:*

*"هەروا، لە خۆڕا، قوربانیی انسان"*(دیوان:225)

### 3-3 / دەقئاوێزان لەگەڵ فەرموودە:

لەبەر ئەوەی شاعیر بانگخوازێکی ناوداری جیهانی ئیسلامی بووە، دواتریش خاوەنی میتۆد و بۆچوونێکی تایبەت بەخۆی بووە، بۆ هەموو بابەتە ئاینییەکان بەگشتی، زانستی فەرموودەش بەتایبەتی، بۆیە هەندێ دژەبۆچوون هەیە، کە گوایە شاعیر ئیشی بەفەرمووده نەکردووە، هەموو ئەمانە لەباسی تردا سەغکراونەتەوە. هۆکارەکانی ئەم بۆچوونانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەڵسەنگاندنی تەواو و ڕاڤەی دروستی بیروبۆچونەکانی شاعیریان نەکردووە.

ئێمە لە دیدگای خۆشەویستی زۆری شاعیر بۆ پیشەوای مرۆڤایەتی(د.خ)، مامەڵەمان لەگەڵ شیعرەکانی کردووە، کە چەنێك سودی لە فەرموودە وەرگرتووە، دەقئاوێزانی

زۆریشی لەگەڵ فەرمووده کردووە، بەتایبەت فەرموودەی صحیحەکان، هەروەها بەشێکی زۆریشی لەشیعرەکانی ئاماژەدانە بە پێغەمبەر(د.خ) و سیفاتەکانی و سودی زۆریشی لە کتێبەکانی ژیننامەی پێغەمبەر(د.خ) وەرگرتووە:

بۆ ئەوەی وردتر ئاوێزانەکانی شیعری شاعیر، لەگەڵ فەرمووده دەستنیشان بکەین، ئەوا فەرموودەکان بە پێی بابەتەکان لەشیعرەکانی دەدۆزینەوە و ئاماژەی پێدەکەین وەکو:

## 1/ دەقئاوێزان لەگەڵ فەرموودەی شەرحی ئایەت:

کاکە ئەحمەد لەم شیعریدا، باسی باڵادەستی خودای گەورە و ئەو ڕاز و نهێنییانە دەکات، کە تەنیا خۆی دەیزانێ و ئاگاداره هیچ نەفسێك سەری لێدەرناکات و نازانێ چی بۆ ئامادەکراوە وە چیشی بەسەر دێت، هەروەك پێغەمبەر(د.خ)، لەشەرحی ئەم ئایەتە((فلا تعلم نفس)) دەفەرمووێ: ئەبو هورەیرە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(د.خ)، فەرمووی: خودای گەورە و باڵادەست فەرموویەتی: خەڵات و بەراتێکی وام ئامادە کردووە، بۆ بەندە چاکەکانی خۆم نە چاو دیبێتی و نە گوێچکە بیستبێتی و نە بە دڵی کەسیشدا هاتبێ، جگە لەوەی کە خوا ئاگاداری کردوون و بۆی باس کردوون))، شاعیر بە یاسای هەڵمژین ئەم فەرموودەی ئاوێزانی شیعرەکەی کردووە، شاعیر دەڵێ:

*لە ڕازت، خوایا کەس سەر دەر ناکا*

*داخۆم چەن ئەسرار هەبێ لەم خاکا* (دیوان:225)

## 2/ دەقئاوێزانی لەگەڵ فەرموودەی وەسف و ژیانسازی:

ئایین هاتووە بۆ ئەوەی هەموو بوارەکانی ژیان ڕێکبخات، وەک پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ پەروەردگاری و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا، فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، هەڵگری ئەم پەیامە گەورەن، هەمیشە دەبنە هۆکاری ژیانسازی و ڕێکخستنی بەرنامەکانی ژیان و پێکەوە ژیانی موسڵمانان، بۆ نمونە کاتێ شاعیر دەیەوێ پێمان بڵێ ئێمە دەبێ بەدەنگیەکەوە بچین و لە حەق لانەدەین و ڕێ لە خراپەکاران بگرین، تا بروامان تەواو بێ، لە ڕێگەی یاسای جووینەوە و میکانیزمی لابردن سودی لەم فەرمووده ژیانسازییە وەرگرتووە، کە هانی پێکەوە ژیان و بەدەنگەوەهاتنی یەکتر دەدات، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمویێ: ((من رأى منكم منكرا، فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه،فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان)) رواه مسلم، شاعیریش لە ڕێگەی ئاوێزانەوە دەڵێت:

*تا زڵمێ هەبێت و تا نەدارێك و کزێ*

*گەر بێ دەنو بێ خەمی، مەڵێ انسانم*

*ڕووت خۆش بێ و دڵ لە کوڵ زمان پڕ هاوار*

*ئەوساکە بەخۆت بڵێ "موسڵمان" گیانم*(دیوان:87)

شاعیر بەکەمێك دەسکارییەوە، فەرموودەکەی وەرگرتووە بە میکانزمی لابردن دەقئاوێزانەکەی بنیاتناوە، چونکە پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بە دەستیش دەکا بۆ ئەوەی پێی لە دژی خراپە بوەستینەوە، بەڵام شاعیر زمان و دڵی وەرگرتووە و دەستی لاداوە، ڕووی خۆشی زیاد کردووە.

لە شیعرێکی تریدا بە ناڕاستەوخۆ دەقئاوێزانی لەگەڵ فەرموودەدا کردووە، بە یاسای هەڵمژین دەقئاوێزانێکی تۆکمەی بنیاتناوە:

*مەگەر تۆ دژمنی خۆت و خوەراکی*

*بڕژێنییە زگت تا ورگت نێشێ*

*لە دەردی تێری ئەمڕۆ گەر نەزانی*

*سوێ گیانت مەزەو تامی ئەچێشێ*

*موسڵمان بەر لە برسیی بۆنی ناخوا*

*لە خواردن بەر لە تێری دەس ئەکێشێ*(دیوان:90)

پێغەمبەر(د.خ) دەربارەی خواردن فەرموویەتی(( یا هذا كف عنا من جشائك، فإن أكثر الناس شبعان في الدنيا أكثرهم جوعا يوم القيامة))واتە (بێگومان ئەو کەسەی لە دونیا لە هەموویان تێرترە لە ڕۆژی قیامەت لە هەموویان برسیترە) لەم شیعرەشدا موفتی زادە بە میکانیزمی هەڵمژین پێمان دەڵێت: ئەگەر ئەمڕۆ لە دەردی تێری نەزانی یان بەنەخۆشی یان لە ڕۆژی دوای توشی کێشەت دەکات و دەتکا پەشیمانی، هەر لەم شیعرەی دا فەرموودەیەکی تریش ئاوێزانی بابەتی زۆر خواردن دەکا، بۆیە زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە، چونکە کەسێ زۆر کە لەخزمەتی زگی بێت، وەکو دەڵێن ئەوا دڵی ڕەق دەبێت و دڵی نەرم نابێت بۆ خودا پەرستی و چاکەکردن، ((مروزی دەڵێ: بە ئیمام ئەحمەدم گوت:ئایا موسڵمان هەست بە دڵ نەرمی دەکات لە کاتێکدا تێر دەخوات؟ فەرمووی: نابینم))(نانەکەلی،2017:431)، لە دێری یەکەم و سێیەمیشدا دەقئاوێزانی لەگەڵ ئەو فەرموودەیە کردووە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمویێ: ((ما مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا من بطن، بِحَسْبِ ابن آدم أُكُلَاتٍ يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فإن كان لا مَحَالَةَ، فَثُلُثٌ لطعامه، وثلث لشرابه، وثلث لِنَفَسِهِ))، کە دەڵێ: ئادەمیزاد هیچ جەواڵێکی پڕ نەکردووە، خراپتر بێ لە زگ ئینسان ئەوەندەی بەسە چەند لوقمەیەك بخواو پشتی ڕابگرێ، بەڵام ئەگەر هەر چارەی نەبوو با گەدەی بکاتە سێ بەش.

## 3/ دەقئاوێزان لەگەڵ فەرموودەی بەسەرهاتی ژیان:

جابری كوڕی عەبدوڵلا بۆمانی گێڕاوەتەوە، ڕۆژێكیان پێغەمبەری خوا(د.خ)، بە نێو بازار داهات، بینیتی كارێكی بچووك مرداربۆتەوە و بۆگەن كردبوو، واتە كارەكە مرداربۆوە و بۆگەن و كرووش بووە، یەكسەر بە دەنگی بەرز فەرمووی هۆ خەلكینە وەرن كارم پێتانە ئینجا پێیانی فەرموو: كێ ئەوەم لێدەكڕێت، بە چەند دەرهەمێك، وتیان ئێمە پێمان خۆش نیە بیكڕین، چونكە مردار بۆتەوە بە كەلكمان نایەت، فەرمووی هەر بەخۆرایش كەس حەزناكات و لێمی وەرناگرن، فەرموویان نەخێر، دواتر وتیان ئەی پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا، ئەگەر زیندووش بوایە، كەس لێتی نەدەكڕی چونكە عەیبدارە، جا چ جای ئەوەی، كە مرداریش بۆتەوە، دواتر پێغەمبەر(د.خ)، فەرمووی: (( فو الله للدنیا أهون علی الله من هذا علیكم))،واتە ((قەسەم بەخوا لە لای خوا دونیا زۆر زۆر لەو كارە مرداربووەو بێبایەخترە))، ئەم شیعرەیش كە باس لە بێنرخی و دونیا دەكات، سیبەری ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ)،لەسەرەكە:
كاكە ئەحمەد دەڵێت:

*مارو مۆری كێوو سارای ڕووی زەویی*
*گەر لە خۆت ئاگات نەبێ چێت لێ ئەكەن*
*ئەوپەڕی، دوو ڕۆژی دنیای هیچ و پووچ*
*لێت ئەبێژێن لەبەر چاوت ئەخەن* (دیوان:129)

**4/ دەقئاوێزان لەگەڵ فەرموودەی مژدەدەر و ترسێنەر:**

شاعیر لەم شیعرەیدا مەبەستی ئەوەیە، ئاگادارمان بكاتەوە لەوەی، كە پێویستە لەسەرمان ئاگاداری كردەوەكانمان بین و هەمیشە مردنمان لە یاد بێ، چونكە كاتێك كاتی كۆچمان دێت و بەرەوە مەنزڵگەی حەق دەچین، هەر خۆمانین و لێپرسینەوەی هەموو كار و كردەوەكانمان لەگەڵ دەكرێت، لەسەر كارە چاكەكانمان پاداشت دەكرێین و لەسەر كردەوە و كاری خراپیشمان سزا دەدرێین، بۆ ئەوەی پەیامەكەشی كاریگەری دروست بكات، بە یاسای جووینەوە، بە میكانیزمی لابردن ئاوێزانی ئەم فەرمووده دروستە(صحیح)ه كردووە، دەقئاوێزانێكی ئاشكرای بنیاتناوە، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت:(( يتْبَعُ الميْتَ ثلاثةٌ: أهلُهُ ومالُه وعَمَلُه، فيرْجِع اثنانِ ويبْقى واحِدٌ: يرجِعُ أهلُهُ ومالُهُ، ويبْقى عملُهُ ))(56514)، شاعیر دەڵێ:

*دەخیلە سەر لە خۆت و خەڵك نەشێونی*
*لە جێ دەرمان، ئەتۆش دەردان بڕێونی*
*لە بیرت بێ كە بۆت هات كاتی كۆچی*
*بە تەنیا: خۆتیو، چیبیت كردو، بۆ چی* (دیوان:57)

**4- ئەنجامەكان:**

1- دەقئاوێزان بووە هوێ ڕزگاریكردنی نووسەران لە تولەڕێ و دیاریدەی دزێوی دزی ئەدەبی، بۆ داهێنان و دیالۆگ و كرانەوەی دەق، واتە ئەگەر لە ڕەخنەی كۆندا نووسەران بە دز لەقەلەم دراون ئەمرۆ لەسایەی دەقئاوێزان، بە داهێنەر ناو دەبرێن.

2- سەرچاوەكانی دەقئاوێزان كراوەن و قەتیس نەكراون، نووسەر ئازادە لە چ كایەكی ئەدەبی و كۆمەلایەتی سود وەردەگرێ، تێنوێتی دەقەكەی دەشكێنێ.

3- كاكە ئەحمەدی موفتی زادە، ڕێژەیەكی بەرچاوی شیعرەكانی ئاوێزان كردووە، لەگەڵ ئایەت و فەرموودە و چیرۆك و بابەت ئاینییەكان، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، كە بانگخوازێكی ئاینی بووە .

4- لە نێو شیعرەكانی كاكە ئەحمەد زیاتر بە یاساكانی هەڵمژین و جووینەوە دەقئاوێزان بنیاتنراوە، بەلای یاسای دیالۆگ نەچووە.

5- ئاین بەوپێیەی كە عەقیدەیە لەلایەن شوێنكەوتوانی لە هەموو بەڵگەیەكی تر بە هێزترە، بۆیە بانگخوازای موسڵمانیش شیعر و ئەدەب و بەرهەمەكانی خۆیان لە ئاین هەڵدەكێشن.

**5- سەرچاوەكان:**

**قورئانی پیرۆز.**

إسماعیل،عزالدین.(1986). "الشعر العربي المعاصر قضایاه وظواهره الفنیة والمعنویة"، دار الثقافة، بیروت.

ئەڵوەنی، نەجم خالید.(2012). جۆرەكانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین كتێب)ی جەبار جەمال غریبدا، چاپخانەی كەمال، سلێمانی.

بهار،حسن علی بشیر.(2014). "التناص الدیني عند أبي العتاهیة"، رسالة ماجستیر، جامعة غزة،كلیة الاداب، .pdf

بەرزنجی، عبدوڵلا تاهیر.(1997). "دەقئاوێزان و نوێگەریەتی ئەدەبیمان"، گۆڤاری ئێستا،ژ3.

حسین، علی طاهر.(2019). "دەقئاوێزان لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا"، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی،بەشیB ، ژ.59.

حەوێز، سروشت جەوهەر.(2022). "دەقئاوێزانی كلتوری لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا"، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژ.50.

خەلیل، زانا.(2006). "دزی یان دەقئاوێزانی"، گۆڤاری ڕامان، ژ. 108.

خەلیل، سومیە نجیب.(2019). "دەقئاوێزانی ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرەكانی باباتاهیری هەمەدانی و مەلا وەسماندا"، تێز،زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی زمان.

الدباغ، حنان عبدالوهاب محمد شكر.(2021). "التناص أنماطه وأنواعه في شعر المتنبي"، رسالة ماجستیر، جامعة الاسراء،كلیة الاداب، .pdf

رضوان، یاسرعبدالحسیب.(2010). "التناص عند الشعراء صنعة البدیع العباسیین"،الطبعة الأولی، مكتبة الادب، القاهرة.
الزعبي،أحمد.(2000). "التناص نظریا و تطبیقیا"، مؤسسة عمون، عمان.
سالار، عەبدولسەلام.(2007). "دەقئاویزانی لە نێوان چەند دەقێکی نالی و مەحویدا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژ21، بەشی.B
سلامت باویل، لطیفه.(1397). "بینامتنیت ایات و احادیث در غزلیات شمس"، پرتال جامع علوم انسانی، نشریه علمی، پژونی دینی، دوره17، بهار و تابستان، شماره 36.
سلیمان، إسماعیل عبدالوهاب.(2016)، الأسالیب القرانیة في معالجة مشكلات المسلمین في عهد النبوة، رسالة ماجستیر، جامعة السودان، كلیة الدراسات العلیا،.pdf
سلیمان، عبدالمنعم محمد فارس.(2005). "مظاهر التناص الدیني في شعر أحمد مطر"، رسالة ماجستیر، جامعة النجاح، نابلس، pdf.
الطیب، بوترعة.(2011). "التناس فی الشعرالجزائری المعاصر"،رسالة ماجستیر، جامعة وهران ، جزائر، كلیة الاداب واللغات والفنون،.pdf
عەبدولرەحمان، ئەرشەد حیتۆ.(2020)." هێمایێن ئایینی دهۆزانا نوێخوازا کوردیدا( ئەحمەدی مەلا- سەباح رەنجدەر- عارف حیتۆ- کەژاڵ ئەحمەد"، تێز، زانکۆی سەلاحەددین، کولێژی زمان.
عەزیز، سامان جەلال.(2019). "دەقئاویزانی خودیی لە شیعرەکانی گۆراندا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ32، بەشی.B
کریستیفا، جولیا.(1991). "علم النص،م.فرید الزاهي"، الدار البیضاء، المغرب.
کەریم، ئیکرام.(2011). "ئازادی بیرورا لە فیکری ئیسلامیدا"، گۆڤاری ڕێنوێن، ژ.7.
ماوەتی، عبدالقادر محمد امین.(2001). "دەق ئاوێزیی لە شیعری کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.8.
محەمەد، ئەنوەر قادر.(2011). "بیرۆکەی دەقئاوێزان و هەندێ زاراوەی ڕەخنەیی لە شیعرێکی مەلەویی تاوەگۆزیدا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.32،بەشی.B
مستەفا، ئومێد عەزیز.(2017). "دەقئاویزانی ئاینی لە شیعرەکانی مەلا ئیبراهیم کوردستانی دا"، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانسته مرۆڤایەتییەکان، بەرگی21، ژ.4.
مفتاح، محمد.(1985). "تحلیل الخطاب الشعري (استراتیجیة التناص)"، دار التنویر، بیروت، لبنان.
مەحمود، شنۆ محەمەد.(2012). دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا،چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
مەنتك،حەمە.(2018). میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی. چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.
مەولود، ڕێزان صالح.سەنگەر ناظم حسین.(2017). "دەقاوێزان لە ڕۆمانی "حیکمەتی پیران"ی عەبدولکەریم فەتتاحدا"، گۆڤاری توێژەر،ژ.سفر.
ناهم،احمد.(2004). "التناص في شعر الرواد"، الثقافة العامة، بغداد.

**ـ سەرچاوە فەرەنسی و ئینگلیزییەکان:**

De Jong, J. F. And J. P.Sullivan (1993), Modern critical theory and classical literature, E. J. Brill, New York.
Hébert, Louis (2008), Intertextaulité, interdiscursivité, et intermédialité, au Canada.